بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٢٤) ئامادەکردنی:
تاهیر عەلیار

---

## بۆکان و ناوچەی بۆکان لە کتێبێ (یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان) دا




نووسینی عەبدەڵڵا ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری

### شەڕ لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری

لە شەری یەکەمی جیهانیدا کاتێ ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٦ هاتە کوردستانی ئێران و لەوێشەوە بەو نیازەی کە خاکی عێراق بە هاوکاری لەگەڵ ئینگلیز داگیربکەن و هێزەکانی تورکیاش لە ناو بەرن ، بەرەو سنووری عێراق کەوتە ڕێ . سپای ڕووسیا بەو نیازە لە سێ خەتەوە بەرەو عێراق هات.

یەکەم خەت، ڕێگای شنۆ و خانێ و حاجی ئۆمەران. دووەم خەت ، ڕێگای سەردەشت، پشدەر. سییەم خەت سەقز، بانە، پێنجوێن، شارەزور.

عەشیرەتی پشدەر پێش ئەوەی کە سپای ڕووس بگاتە ناوچەکانی کوردستان ، بەرەوپیری شەڕچوون و هەر لە خۆی و سەڵماس لە نزیک سنووری مابەینی ئێران و ڕووس پێشیان پێگرت و لە وێوە بە شەڕ و کشانەوە هاتن هەتا کوو گەیشتنەوە ناوچەکانی مهاباد و بۆکان و لەوێ تووشی شەڕێکی بێ ئەمانی زۆر خوێناوی بوون بەڕادەیەک کە شاڵاو و هێرشەکانی دوژمن بەرەوژووری توانای لەشکری پشدەر بووە و لەو شەڕەدا خەڵکێکی زۆر شەهیدکراون کە چەند قارەمان لە پشدەرییەکان لە ناو ئەو شەهیدانەدابوون . یەکەمیان حاجی سەیدگوڵ باوکی شێخ حوسێنی بۆسکێن ، دووەم تۆفیق بەگ ناسراو بە تابورئاغاسی باوکی ئەحمەدبەگ، سێیەم ساڵح بابکری سەلیماغا، چوارەم حاجی حەسەنەخرە، ئەو حاجی حەسەنەی کە لەگەڵ حەسەنەکوێر حوسنی بەگی کوشت . ئەم شەهیدانە هەموویان لە گوندی ناچیت ، نزیکی بۆکان نێژراون و ئێستا زیارەتگەی خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستانی ئێرانن. باوکم حاجی ئەحمەداغا کە خۆی بەشداری ئەو شەڕانە بووە بۆی باسکردم و دەیکوت:

ئێمە لەشکری پشدەر زۆر هیلاک و ماندوو بووین و سەرما و برسییەتی پەکی خستبووین چونکە خەڵکی دیهاتەکان هەمووی لە ترسی سپای ڕووس کە وەکوو گورگی هار پەلاماری خەڵکیاندەدا و لە ناویان دەبردن ، ڕایانکردبوو. کوتی:

ئێمە ناچاربووین بەرەو سنووری عێراق تا ناوچەی سەردەشت بکشێینەوە ولەوێ بەرەی تازەمان دروستکرد و لەشکری پشدەریش ئەوەی لە عێراق مابوو بە تێگڕای سوارە و پیادە گەیشتە لامان و چونکە شەڕی مان و نەمان بوو سەرۆکەکانی پشدەر خۆشیان هاتن . لەوێ شەڕ گەرم دەبێت و پاش چەندرۆژ شەڕولێکدان لە دەوراوپشتی شاری سەردەشت دەتوانن سوپای ڕووس بشکێنن و هەتا دەشتی ڕەبەت بە دوایدا بڕۆن. لەو شەڕانەی دەوروپشتی سەردەشت جگە لە بریندارى زۆر ، زۆر مرۆڤی ناودار شەهیدکران ، لەوانە شەهیدی ناودار بابەکر حەمەداغا ، ئامۆزای باوکم.

لەوشەڕەدا دیسان زۆر پیاوی ناودار شەهید کراون و ئێستەش لە پشتی سەردەشت چیایەک هەیە و چونکە زۆر لە ئاغایەکانی پشدەر لەم گردەدا شەهیدکراون ، بە گردی ئاغایان ناسراوە. بە هەرحاڵ بەم جۆرە فیداکارییە، ماوەیان نەداوە سوپای ڕووس بگاتە سەر سنووری عێراق بەڵام لە خەتی حاجی ئۆمەرانەوە سوپای ڕووس توانی بە ئاسانی بگاتە ڕەواندز و تورکەکان لە سەر ڕێگای خۆی تارومار بکات. سوپای ڕووس ماوەی دوومانگ لەو شارە مایەوە و هەشتالەسەدی خەڵکی ئەو شارەی لە ناوبرد. خۆم لە پیاوە کۆنەکانی ئەو ناوچەیەم بیستووە کە دەیانکوت زۆر لە ژنانی ئەو شارە چونکە دیتوویانە سەربازە ڕووسەکان وەکوو دڕندە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا جووڵاونەوە ، لە ترسی فەسادکردنیان خۆیان خستۆتە ناو گەلیی خەڕەند و مردوون. ئەوەندە بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێناپەڕێ کە شۆڕشی ئوکتوبر لە ڕوسیا هەڵدەگیرسێت و ڕێژیمی

قەیسەری لە ساڵی ١٩١٧ لە ناو دەچێت. سوپای رووس لە هەموو بەرەکان دەکشێتەوە و هەموو ناوچەکانی کوردستان بە جێ دەهێڵن.

لەو شەڕانەی کە عەشیرەتی پشدەر دەگەڵ سوپای رووسیا کردوویەتی ، چەند نوێنەری تورک بە ناوی ئیدارە و دابەشکردنی چەک و تەقەمەنی لەگەڵ پشدەریەکاندا بەشدارییانکردووە، بۆیە حکومەتی تورکیا خۆی دانی بەوەدا هێناوە کە پشدەر شوورەیەکی پۆڵایینە و هیچ کەس ناتوانێ ئەو شوورەیە بشکێنێ و لە دوای ئەمە تورکیا زۆر رێزی لە عەشیرەتی پشدەر ناوە و چەک و فیشەکی زۆری بۆ ناردوون. تفەنگی تەیارە شکێنی ئەلمانی کە تازە پەیدا ببوون ، وەجبەیەکی زۆریان وەکوو دیاری بۆ رەوانە کردوون . ئەمەی راستی بێت ئەو شەڕانەی کە لەگەڵ رووسیا کراون ، هەموو بە مەبەستی بەرگریکردن لە ئایینی ئیسلامیەتەوە بووە.

(سەردەمی کۆماری کوردستان)

**شەڕی ناوچەی سەقز لە نێوان کورد و حکومەتی ئێراندا.**

ماوەیەک بوو سوپایەکی گەورەی حکومەتی ئێران لە ناو شاری سەقزدا مۆڵگەی دانابوو . لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ دا ویستی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی و بە مەبەستی خۆپێشاندان و ترساندنی خەڵک ، خۆی تەکان بدات و بەرەو ناوچەی بۆکان دەربچێت. لەو کاتەشدا هێزێکی بارزانیەکان بە سەرکردایەتی خەلیل خۆشەوی لە سەر رێگای سەقز/ بۆکان ئامادە و دامەزرابوون و پێشیان بە سوپای ئێران گرت. شەڕێکی زۆر گەرم و خوێناوی لە مابەینیاندا روویدا. لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە سپای ئێران کوژران و ژمارەی چل تا پەنجا ئەفسەر و سەرباز بە دیل گیران. لە ئەنجامدا پاشماوەی سوپایەکە زۆر بە شەل و شکستی گەڕانەوە مۆڵگەی خۆیان. لەو شەڕەدا خەلیل خۆشەوی لەگەڵ چەند ئەفسەری تری بارزانی شەهید کران. کاتێک هەواڵی ئەم شەڕە گەیشتە مهاباد و خەڵکی کوردستان دەنگی ئەم سەرکەوتنەیان بیست ، یەکپارچە بوو بە بەزم و شایی و هورەی خەڵک گەیشتە دواپلەی بەرزی. بۆ رۆژی دووەم هەموو دەستکەوتەکانی ئەو شەڕەیان لەگەڵ دیلەکان، هێنایانە شاری مهاباد و بۆ پێشاندانی خەڵک بە نێو شاردا گێڕایانن. لە پاش چەند رۆژێکی کەم هەموو دیلەکان بە ئەفسەروسەربازەوە ناردرانەوە تەورێز و لەوێشەوە بۆ تاران رەوانەکران. ئەمە کارێک بوو کە هەرگیز بە بیری خەڵکدا نەدەهات. ئەم هەڵوێستەی کۆماری مهاباد بوو بە جێگای پرسیار و سەرسوورمان. دەیانگوت:

بۆچی ئەو هەموو دیلانە کە لە شەڕدا گیراون بە بێ هیچ رێککەوتن یا وتووێژێک دەنێردرێتەوە تاران؟ وەرامی ئەو پرسیارانەی خەڵک راستەوخۆ لە لایەن کار بە دەستانی کۆمارەوە نەدەدرایەوە، بەڵام ئەوەی کە هێندێ تێگەیشتنی سیاسی هەبوایە دەیزانی کە مەسەلەکە هەمووی تەوجیهاتی حکومەتی روسیایە و ئەم شل و توندکردنەشی هەر ئەوان خۆیان دەزانن بۆچی دەیکەن . ئەمە هەمووی بۆ رازیکردنی حکومەتی ئێران بوو. هەمیشە سیاسەتی هەڕەشە و لاواندنەوەیان لە پێناو وەرگرتنی نەوتی باکوور بە کار دەهێنا. ئیتر هەر لە دوای ئەو شەڕەی سەقز حکومەتی رووسیا هانی جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیدا کە بچێتە تاران و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا دەربارەی وەرگرتنی خودموختاری بۆ ناوچەی ئازربایجان بکەوێتە وتووێژ . جەعفەر پیشەوەری بە خۆیو وەفدێکی تایبەتی رۆیشتە تاران و لەگەڵ سەرۆک وەزیران قەواموسەلتەنە کەوتە وتووێژ کە ئەمەش لادان لە خاڵی پێنجی بڕیارنامەکەی مابەینی کۆماری مهاباد و فرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان بوو. لەو خاڵەدا هەردوولا بەڵێنیاندابوو کە بە بێ رازیبوونی هەردوو تەرەف هیچ جۆرە وتووێژێک لەگەڵ حکوومەتی تاراندا نەکەن. لە دوای ئەمە زۆری پێنەچوو کە سوپای ئێران جارێکی تر بە فەرماندەیی سپە بود رەزمارا کە ئەو کاتە رەئیس ئەرکانی سوپای ئێران بوو بەرەو بۆکان هاتە پێش و لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تێکهەڵچوون و شەڕ دەستی پێکرد. ئەوجارە چەکداری عەشایری کوردستان بە تەواوی بەشداریی شەڕیانکرد و لەو شەڕەدا دەورێکی زۆر باڵایان هەبوو . زۆربەی زۆری ئەو عەشایرانە کە هەرچەند لەگەڵ شەڕەکانی نیزامی ئێستەدا نەدەگونجا ، بە پێی دابونەریتی کۆنی زەمانی عەشایری بە سواری وڵاغ هاتبوون . بەهەرحاڵ زۆر مەردایەتی و فیداکارییان نیشاندا و هەموو هێرشەکانی دوژمنیان یەک لە دوای یەک تێکشکاند و تۆزقاڵێک ماوەیان نەدا کە سوپای داگیرکەر سەرکەوتن وەدەست بهێنێت. جگە لەوەش زۆر زەرەر و زیانی ماڵی و گیانیان پێگەیاندن.

ئیتر با ئەو مەوزووعە لێرەدا بوەستێت و بزانین وتووێژی حکومەتی تاران و فرقەی دێموکراتی تەورێز چی بەسەرهات و دەرەنجامەکەی چی لێهاتەوە. دوای چەندجار دانیشتنیان کە دووهەفتەی خایاند ، ڕێککەوتننامەیەکی چەند خاڵی لە مابەینیاندا مۆر کراو فرقەی دێموکراتی تەورێز دانی بەوەدا هێنا کە سوپای ئازەربایجان بەشێکە لە سوپای حکومەتی مەرکەزی تاران و لە خاڵێکی تری ڕێککەوتنەکەدا فرقەی دێموکرات ڕازی بوو کە خەڵکی ئازەربایجان جگە لە وەرگرتنی خودموختاری بۆخۆی داوایەکی تری نییە . هەرگیز نایەوێ لە حکومەتی مەرکەزی جیا ببێتەوە . سەبارەت بە وەزعی کوردستانیش گوتبوویان کە خوێندن هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی بە کوردی بێت و لەوە زیاتر مافیان نییە داوای هیچی تر بکەن.

نوێنەرانی ئازەربایجان گەڕانەوە و ئەو هەواڵە بە درێژی لە ڕادیۆی تاران بڵاو کرایەوە. ئینجا خەڵکی کوردستان بە تەواوی تێگەیشتن و بۆیان دەرکەوت کە ئەم دۆستانەی کۆماری مهاباد کە تا ئێستە خۆیان زۆر بە دڵسۆزی کورد پێشاندابووهیچ جۆرە دەروەستیەکی سیاسییاان نییە و خەریکن چارەنووسی گەلی کورد لە پێناوی سوودی سیاسی خۆیاندا بخەنە بازاری کڕین و فرۆشتن. ئیتر زۆری نەخایاند لە کاتێکدا کە هێزەکانی چەکداری کوردستان خەریکی پتەو کردنی بەرەی سەقز بوون و دەیانویست هێرشێک بەرنە سەر سوپای ڕەزم ئارا ، کە نوێنەرانی رووسیا هاتنە مهاباد . لەو کاتەدا نوێنەرانی رووسیا ڕایانگەیاند و بە ئاشکرا درکاندیان کە حکومەتی رووسیا حەزناکا شەڕ لە ناوچەکانی سەقز و ئەو ناوەدا لە گەڵ سوپای ئێراندا زیاتر درێژە بکێشێت، چونکە نفووزی بریتانیا و ئەمریکا لە ناوچەکانی باشووری ئێراندا هەیە و مەترسی ئەوە دەکرێت کە ئەو دوو حکوومەتانە بە هۆی بەرژەوەندیی نەفت خۆ لە شەڕەکە وەربدەن و کێشەکە زۆر گەورە بێت . هەروەها گوتیان حکومەتی رووسیا ئامادە نییە لەو هەلومەرجەی ئێستادا خۆی تووشی ئەم جۆرە گیروگرفتانە بکات و یارمەتی گەلی کورد بدات. ئینجا کاتێ ئەوراگەیاندنە ئاشکرا و بێ پێچوپەنایەی روسیا کە وەکوو ئینزاری خەتەر وابوو لە کوردستان دەنگی دایەوە مەسەلەکە یەکسەر بە بارێکی تردا گۆڕا و بۆشاییەکی گەورەشی لە ناو هەموو کاروباری کۆماری مهاباد دروستکرد واتە هەموو ڕیسەکان بوونەوە خوریو کۆماری کوردستان دەربارەی شەڕکردن و شەڕنەکردن کەوتە ئەمری واقیع و نەیدەزانی چی بکات باشە.

### کۆبوونەوەی بەرفراوان لە مهابادو ڕاوەستانی شەڕ

دوابەدوای ئینزارەکەی رووسیا بۆ کۆماری مهاباد سەبارەت بە شەڕوەستاندن ، قازی محەمەد هەموو سەرۆک عەشیرەکان و پیاوە مەزنەکانی کوردستانی ئێران لە گەڵ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و لێپرسراوانی سوپای کوردستانی بە ئامادەبوونی مەلا مستەفا بارزانی کۆ کردەوە. لە کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتیدا لە ساڵۆنی حیزب ولە پاش وتووێژو هەڵسەنگاندنی مەسەلەکە لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و عەسکەرییەوە ، ڕای زۆربەی زۆری خەڵک هاتە سەرئەوە کە کۆماری کوردستانیش وەکوو تورکەکانی تەورێز ، لەگەڵ حکوومەتی تاراندا بکەوێتە وتووێژ و بڕیاری شەڕڕاگرتن بدات. ئینجا قازی محەمەد بۆ ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ڕەزمارا فەرماندەی سوپای ئێران پەیوەندی کرد. ڕەزمارا داوای لە قازی محەمەدکرد بچێتە گوندی سەرا لە مابەینی بۆکان و سەقز و لەوێ چاویان بە یەکتر بکەوێ . قازی محەمەدیش بە خۆی و چەند کەسێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ڕۆیشتنە گوندی سەرا و لەگەڵ ڕەزمارادا کەوتنە وتووێژ. ناوبراو پێش لە هەموو شتێک داوای لە قازی محەمەد کرد کە پێویستە بڕیاری شەڕراگرتن دەربکات و هێزەکانی کۆماری مهاباد لە هەموو بەرەکانی کوردستان بکشێنەوە دواوە. ئەوسا هەردوولا دابنیشن و باسی مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بکەن . ئیتر قازی محەمەد هیچ چارەی نەمابوو ، دەبوایە بە هەموو شتێک ڕازی بێت و داوایەکەی ڕەزمارا بەو هەموو گرانی و ناخۆشیەوە وەربگرێت. هەر لەوێوە بڕیاریدا هێزەکانی بارزانی و عەشایری لە ناوچەی سەقز و ئەو ناوە بکشێنەوە دواوە. بۆ بەرەی سەردەشتیش کە من خۆم لەو بەرەیە بووم و سوپای ئێران بۆ ماوەی چوار مانگ کەوتبووە ژێر ئابڵووقە و لەو پەڕی بێ ئازووقەیی و تەنگاویدا دەژیا ، مەنافی کەریمی وەزیری ڕۆشنبیری لە لایەن قازی محەمەدەوە هاتە بەرەکەمان و بە زێرۆبەگی ڕاگەیاند هێزەکانی خۆی بکێشێتە دواوە و ڕێگای مابەینی بانە و سەردەشت چۆڵبکات تاکو ئازووقە و کەلوپەلی پێویست لە جادەوە بە سەیاراتی عەسکەری بگاتە سوپای ئابڵووقەدراوی سەردەشت. زێرۆبەگ ئەم داوایەی زۆر لا ناخۆش بوو. حەزیدەکرد کە ئەم شەڕوەستانە هیچ نەبایە چەند ڕۆژێکی تریش دوابکەوێت تاکو سوپای سەردەشت بە هۆی نەمانی ئازووقە خۆی بەدەستەوە بدات بەڵام چارەی نەبوو ، دەبوایە فەرمانی پێشەوا قازی محەمەد تەنفیز بکا. پاشان مەنافی کەریمی خۆی ڕۆیشتە نێو سوپای ئێران و لەوێ چاوی بە فەرماندەکان سەرتیپ ئایرۆم و سەرتیپ پزشکیان کەوت. مەنافی کەریمی ئاگاداری

فەرماندەکانی سوپای ئیرانی کرد کە رێگای سەیارانی مابەینی سەردەشت و بانە بۆ هێنانی ئازووقە و پێویستییەکانیان کراوەتەوە بە مەرجێ لە خەتی جادە لانەدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ چەکداری عەشایر تووشی شەڕولێکدان نەبن. هەروەها ماوە نەدرێ سەرباز بێنە نێو گوندەکان . دوای ئەو راگەیاندنە مەنافی کەریمی گەڕایەوە بۆ مهاباد.